## ڕاهێنانی (٥)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- وشەیەکی لێکدراوە:(باخ، باخەوان، باخچە، گوڵەباخ).

٢- وشەیەکی سادەیە:(چاوکاڵ، چاو، چاویلکە، چاوپۆشین).

٣- وشەیەکی داڕێژراوە:(جەرگ، جگەرخوێن، بەجەرگ، جەرگ سووتاو).

٤- وشەیەکی سادەیە:( ڕاکردن، کردنەوە، چاپکردن، کردن).

٥- وشەیەکی لێکدراوە:(ڕاهێنان، هێنان، بەرهەمهێنان، داهێنان).

٦- وشەیەکی داڕێژراوە:(دەنگ، دەنگەدەنگ، دەنگدار، دەنگوباس).

## ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

| پەیڤ | واتاکەی |
|---|---|
| داسولکە | داسا بچیك |
| چاککردنەوە | چێکرنەڤە |
| دارەوان | دارڤان |
| گوڵ بەدەم | کولیلك |
| خستنەڕوو | بەرچاڤکرن |
| گەڵا | پەلك |
| تەور | بیور |
| وەبەرهێنان | خستنەگەڕی سەرمایە |
| دەنگوباس | هەواڵ، نوچە |

## خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵە پەیڤی بەشی (ئـ) دەبینین دەستەواژەی (بازێری دهۆك) لە کۆمەڵە پەیڤێك پێکهاتووە، کە پەیوەندییان بەسەر یەکەوە هەیە، بەڵام مەبەستێکی تەواو نادەن بە دەستەوە، چونکە کارێکیان لەگەڵدا نییە، لەبەر ئەمە پێیان دبێژن (گرێ).

ئەگەر سەرنج بدەینە بەشی (ب) دەبینین پەیڤەکانی ڕستەی(١) (من لە بازێری دهۆك دەژیم) بەشێوەیەکی تایبەتی خراونەتە پاڵ یەکدی و واتاو مەبەستێکی تەواو دەبەخشن، چونکە کاری (دەژیم)ی لەگەڵدایە، لەبەر ئەمە پێی دەگوترێ (ڕستە). هەروەها نمونەکانی دیکەی بەشی (ئـ) هەموویان گرێنو نمونەکانی بەشی (ب) ڕستەن.

## دەستور:

**گرێ: کۆمەڵە پەیڤێکە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام واتاو بیرێکی تەواو نادەن بە دەستەوە چونکە کارێکیان لەگەڵدا نییە.**

**ڕستە: کۆمەڵە پەیڤێکە، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، واتایەکی تەواو دەبەخشن، چونکە کارێکیان لە گەڵدایە، لە کۆتایی هێمایەك دادەنرێت.**

## خستنەروو:

١. ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵە ڕستەکانی بەشی یەکەم، دێ بینین هەموویان هەواڵ لە ڕوودانی شتێك دەدەن.

ڕستەی یەکەم هەواڵی وشکبوونی ئاو لە ڕووبارەکەدا ڕادەگەیەنێت.

ڕستەی دووەم هەواڵی هەلکرنا ئاگری ژ لایێ نەسرینێ ڕادگەهینیت.

ڕستەی سێیەم هەواڵی خوێندنەوەی کتێبی ڕێزمان لەلایەن کاوەوە ڕادەگەیەنێت.

ڕستەی چوارەم هەواڵی چوونی ئاقدەل بۆ زاخۆ ڕادەگەیەنێت.

ڕستەی پێنجەم هەواڵی ترشبوونی ماستەکە ڕادەگەیەنێت.

٢. ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی دووەم دەبینین هەموویان هەواڵ لە ڕوونەدانی شتێك دەدەن بە پێچەوانەی ڕستەکانی بەشی یەکەمەوە:

ڕستەی یەکەم ئەوە نەرێ دەکات، کە ئاوی ڕووبارەکە وشك بووبێت.

ڕستەی دووەم ئەوە نەرێ دەکات، کە ئاگر هاتبیتە هەلکرن.

ڕستەی سێیەم ئەوە نەرێ دەکات، کە کتێبی ڕێزمان لەلایەن کاوەوە بهێتە خواندن.

ڕستەی چوارەم ئەوە نەرێ دەکات کە ئاقدەل بچێت بۆ زاخۆ.

٣. ئەگەر دووبارە بەوردی کۆمەڵە ڕستەکانی بەشی یەکەمو بەشی دووەم بخوێنینەوەو جوداهی نێوانیان هەڵ بسەنگێنین دەبینین:

ئ- له ڕستەکانی بەشی دووەمدا ئامرازی نەرێ هەیەو خراوەتە پێش کاری ڕستەکە، کە ئەمە لە ڕستەکانی بەشی یەکەمدا نییەو بەرچاو ناکەوێت، ئەم ئامرازە نەرێیەش لە ڕستەی یەکەمو دووەمی بەشی ڕستەکانی ڕیزی دووەمدا (نە)یەو لە ڕستەی سێیەمو چوارەمدا ئامرازی (نا)یە.

لە ڕستەی پێنجەمدا ئامرازی نەرێ (نین– نی)یە لەپێش کاری ناتەواوی (ە) هاتووە.

ب– ئینجا ئەو ڕستانەی کە کەوتوونەتە بەشی یەکەمەوەو ئامرازی (نەرێ) یان تێدا نییەو هەواڵ لە ڕوودانی شتێك دەدەن پێیان دەگۆترێ (ڕستەی ئەرێ) بەلام ئەو ڕستانەی کە کەوتوونە بەشی دووەمەوەو ئامرازی (نە)و (نا) و (نین- نی)ی نەرێیان لە پێش کارەکەوە تێدا بەدی دەکرێتو هەواڵ لە ڕوونەدانی شتێك دەدەن دبێژنێ (ڕستەی نەرێ).

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم ئامرازانە (نە، نا، نی، نین) لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

## ڕاهێنانی (٥)

١. شلۆڤەکردن:

**دوێنێ باران نەباری.**

دوێنێ: هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کارە.

باران: ناوە، بکەرە.

نەباری: کاری ڕابردووە، تێنەپەرە، نەرێیە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

**ئـ- ئازاد نەچوو بۆ کەرکوک.**

**ب- شنۆ لە خوێندن دواناکەوێت.**

## ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

| پەیڤ | واتاکەی |
|---|---|
| بەش | پشك، پار |
| دواکەوتن | پاشکەڤتن |
| کەل | قەلا |
| دووربینی | هزرتیژی، دوورنواڕی |
| دەرسۆك | سەرپۆش، دەسرۆك |
| فراڤین | نانی نیوەڕۆ |

٣. لە ڕستەی سێیەمدا پرسکەر، پرسیار لە چۆنییەتی دەکات، واتە پرسیار لە گوێگرەکەی دەکات، دەربارەی چۆنییەتی دەرهێنانی نەوت.

**ئەم پەیڤانەی کە بۆ پرسیارکردن بەکاردەهێنرێن، ئەمانەن:**

١. کێ (کی): پرسیار لە کەسێك دەکات، وەك:

کێ کتێبەکەی خوێندەوە؟

کێ هات؟

٢. چی (چ): پرسیار لە شتێك دەکات، وەك:

ماسی بە چی ڕاودەکرێت؟

چ دخۆی؟

٣. کوێ (کیڤە): پرسیار لە شوێنێك دەکات، وەك: لە کوێ بوویت؟

تۆ لکیڤە بوویت؟

٤. کەی (کەنگی): پرسیار لە کات دەکات، وەك:

کەی جوتیار گەنم دەچێنێت؟

کەنگی دێ خوینی؟

٥. چۆن (چاوا) پرسیار لە چۆنێتی (چەوانیا) دەکات، وەك:

برنج چۆن دەچێنرێت؟

پەیمان چاوا چیرۆکێ دنڤیسیت؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Ĥewt- Ĥelwa | حێ | ح | ĥ- Ĥ | ٦ |
| Xew- Xurma | خێ | خ | x- X | ٧ |
| Dar- dest | دێ | د | d- D | ٨ |
| Beraz- Ker | ڕێ | ر | r- R | ٩ |
| Ŕûbar- Ŕeng | ڕێی قەڵەو | ڕ | ŕ- Ŕ | ١٠ |
| Zê- Zeng | زێ | ز | z- Z | ١١ |
| Jin- Jeng | ژێ | ژ | j- J | ١٢ |
| Sêw- Mast | سێ | س | s- S | ١٣ |
| Şêr- Şew | شێ | ش | ş- Ş | ١٤ |
| E'lî, A' dil, u'mer, le'lî, ni'met | دەخرێتە سەر نەبزوێنەکە ع عەین | | | ١٥ |
| X̂ardan- X̂em | غێ | غ | x̂ – X̂ | ١٦ |
| Kef- Fênik | فێ | ف | f- F | ١٧ |
| Mirov- Çav | ڤێ | ڤ | v- V | ١٨ |
| Qaz- Boq | قێ | ق | q- Q | ١٩ |
| Kew- Pak | کێ | ك | k- K | ٢٠ |
| Gurg- Deng | گێ | گ | g- G | ٢١ |
| Mil- mel | لێ | ل | l- L | ٢٢ |
| Maĺ- Diĺ | ڵێ | ڵ | ĺ- Ĺ | ٢٣ |
| Dem- Masî | مێ | م | m- M | ٢٤ |
| Nok- min | نێ | ن | n- N | ٢٥ |
| Hewir- Hîwa | هێ | هـ | h- H | ٢٦ |
| Wane- Aw | ئوی نەبزوێن | و | w- W | ٢٧ |
| Yarî- heyv | ئی نەبزوێن | ئی | y- Y | ٢٨ |

## ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

| پەیڤ | | واتاکەی |
|---|---|---|
| هەڵکەوتوو | : | لێهاتوو |
| شانازی | : | فەخر |
| دامودەستگا | : | دامەزراوەکانی میری |
| ئاوارەیی | : | دوورکەوتنەوە لە وڵات |
| دووتوێی | : | لەنێوان، بەین |
| پێشەنگ | : | ڕابەر، ڕێبەر |
| پۆپە | : | لوتکە |

## گفتوگۆ:

١. شەوقی شاعیری گەلە ئایا، ڕاستە یان نا؟ بۆچی؟
٢. شەوقی لە پێشەکی دیوانی (الشوقیات)دا دەربارەی ڕەگەزی خۆی چی دەڵێت؟
٣. شەوقی لەژێر کاریگەری کام شاعیری ئینگلیزدا بووە؟
٤. ئایا شەوقی جگە لە شیعر، پەخشانو شانۆنامەی هەیە؟
٥. ناوی چەند شاعیرو نووسەری تر بنووسە، کە کورد بوون، بەڵام بە زمانی کوردی بەرهەمیان نەنووسیوە.
٦. مەبەستی شاعیر لەم شیعرە چییە؟

ئەگەر گەشتیارێك ڕێی بكەوێتە یەكێك لەو شوێنانە، ژوورێكی خاڵی لە ماڵێكدا دەدۆزێتەوەو بە پارەیەكی كەم بەكرێ دەیگرێت.

گەشتیاری هەلێكە دەبێت لەكیس نەدرێتو هەر دەرفەتێكمان دەستكەوت، دەبێت بچین بۆ گەڕانو جیهان ببینین. بەهۆی گەشتیاری فێری زۆر شت دەبین، كاتێك گەشتیار سوود لە گەشتو گەڕانو هاتوچۆ وەردەگرێت، كە ڕۆشنبیرو وریا بێت، نەك وابزانێت، كە بە پارەی زۆرەوە دەتوانێت سوود وەربگرێتو فێرببێت.

## ڕاڤەی پەیڤەكان

| پەیڤ | | واتاكەی |
|---|---|---|
| كەنەفت | : | ماندوو |
| گێچەڵ | : | گرفت |
| كارەسات | : | ڕووداوی ناخۆش |
| سەرقاڵ | : | پڕئیش |
| دەرفەت | : | دەلیڤە، فرسەت، بوار |
| گەشتیار | : | گەڕۆك |
| مۆڵ | : | زۆر |
| خان | : | شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵ |
| خاڵی | : | بەتاڵ |

# ئاڵای کوردستان



ئاڵا نیشانەی سەروەری و شکۆمەندی و شانازی هەر وڵات و دەوڵەتێکە. ئەرکی هەر هاووڵاتییەکە خزمەتی ئاڵای نیشتمانەکەی بکات، گەل و نەتەوەکان، هەمیشە لە هەوڵی بەرز ڕاگرتنیدان. ئاڵا بۆ نەتەوەیەکی بێ قەوارەی سیاسیی وەك کورد، ئامرازیکی کاریگەرە بۆ بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی.

ئاڵا، وەك هێمایەك یان نیشانەیەك دەوڵەت بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە دەوڵەتەکانی دیکەی جودا بکاتەوە، ڕەنگە بریقەدارەکانی و نەخشەکەی سەرنجڕاکێشە، کە هێمای خاکی نیشتمان، گەل و حکومەتە، لەگەڵ ئەو بەها و ڕوومەتانەی کە ڕۆڵەکانی نەتەوە بڕوایان پێ هەیە، ئاڵای نیشتمان هەستی کامەرانی خەڵك دەجووڵێنێت، یان گیانی ئازایەتییان تێدا دەوروژێنێت و بەرەو گیانفیداییان دەبات، خەڵکێکی زۆر لە پێناو ئاڵای نیشتمان مردن، بۆ ئەوەی دووچاری نوشستی و ڕیسوابوون نەبن.

به پێی سەرچاوەکان هەرچەندە یەکلانەکراوەتەوە. زەحمەتە بزاندرێت کەی بۆ یەکەم جار ئالاّ بەکار هاتووە، دەکرێت بلێین ئەوە بەندە بە تێگەیشتن لە چمکی ئالاّ و پێناسەکردنی، ڕەنگە میسرییە کۆنەکان سەرەتا ئالاّیان بەکار هێنابێت.

نەتەوەی کوردیش بە درێژایی میژوو لەو قەوارە و بزووتنەوە سەربازی و شۆرشگێرِیەکانی بەپیی تێگەیشتنی خۆی ئالاّی بەکارهێناوە.

لە سەدەی بیستەم بە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و شۆڕش و کۆمەڵ و ڕێکخراوو پارتەکان، کوردیش ئالاّی دروستکرد، کە هەر یەکە و بە پێی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی ئالاّی داهێناوە، بەلاّم بە پێی سەرچاوەکان بنەمای ئەم ئالاّیەی ئێستامان دەگەڕێتەوە بۆ( کۆمەڵەی هاوبەندی کۆمەلاّیەتی) کە سێ ڕەنگی کوردستانی داناوە لەسەرەوە تەختەیەکی سور لە ناوەراست تەختەیەکی سپی، ڕۆژێکی پڕشنگداری تێدایەو تەختەی خوارەوەشی سەوزە کە هەر ڕەنگە و مانای خۆی هەیە و بە زۆریش دەربڕی سروشتی کوردستانە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان هەمان ئەو ئالاّیەی (کۆمەڵەی هاوبەندی کۆمەلاّیەتی) بە کەمێك دەستکارییەوە هەڵدراویەوە.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ باسی ئاڵا کەوتە سەر زاران و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا مشتومڕی لە سەر کرا، تاکو لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی بڕیاری ژمارە(٢٦) ی ١١-١١-١٩٩٩ یاسای ژمارە(١٤) ساڵی ١٩٩٩، کە تایبەتە بە ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق، دەرکردووە، تێیدا شێوازی ئاڵاکە و پێوانەکان و شێوازی هەڵدانی دیاریکراوە. لە دوایدا لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری فەرمی پەسندکراوەو کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی نێو دەوڵەتیش دانیپێداناوە.[1]

[1] – د.ئازاد عوبێد سالح:لە گۆڤاری ئەکادمیایی کوردی ژمارە(٢٣): مێژووی ئاڵای کوردستان : ساڵی (٢٠١٢) وەرگیراوە.

# نــەورۆز

نەورۆز کۆنترین جەژنی هەموو مرۆڤایەتییە و تا ئێستا ساڵانە بەگەرمترین وجەماوەریترین شێوە لەهەموو جیهان یاددەکرێتەوە. (کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان) لە ساڵی (٢٠١٠)دا بەفەرمی کردی بەجەژنێکی جیهانی! بەڵام، پێش ئەوفەرمانەش نەورۆز لەزۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و زۆر وڵاتی تر وەك جەژن پیرۆز دەکرا.

# ناوی نەورۆز

جەژنی نەورۆز لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا، بە زۆر شێوە ناوی هاتووە، لە سەرەتادا (سۆمەرییەکان) پێیان گوتووە: (زەگمەك) واتە ڕۆژی نویێ، رۆژی نوییێ ساڵی نوێ، لەهەر سەردەمێك و بەهەر زمانێك ناوی هاتبێ، هەر ئەو مانایەی هەبووە. بۆ نمونە (ساسانییەکان) پێیان گوتووە: (نوك ڕۆژ) واتە ڕۆژی نوێ لەدوای هاتنی ئاییني ئیسلام ئەم جەژنە زیاتر بە (نەورۆز) کە ناوێکی (کوردی – فارسی)یە بڵاوبووەوە. ئێستاش لە هەموو دنیادا ئەم جەژنە هەربەم ناوە یاددەکرێتەوە.

# ڕۆژی نەورۆز

ڕۆژی نەورۆز کە دەکاتە ڕۆژ یەکی/مانگی یەکەمی ساڵی نوێی سۆمەرییەکان، دەکەوێتە بەرامبەر ٣/٢١ ساڵی زاینی ئەم ساڵنامە و جەژنە، زۆر وڵات و نەتەوە هەر لە سۆمەرییەکانیان وەرگرتووە، بۆنمونە (گوتییەکان، میتانییەکان، حیسییەکان، ئیلامییەکان، میدییەکان و ساسانییەکان، کە ئەمانە هەموویان پێکەوەو هەندێ هۆزی تر پێکهاتەی نەتەویی کورد پێکدێنن، هەروەها (ئەکەدی و ئاشوری و بابیلییەکان)یش ئەم جەژن و ساڵنامەیان هەر لە سۆمەرییەکان وەرگرتووە، کە ئەمانە بە نەژاد سامیین. هەروەها فارسەکان وەك نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی لەکۆنەوە نەورۆز دەکەن. بەڵام، یەکەمین جار لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی هەخامەنشی ولەسەردەستی (کۆرش) بە فەرمی کرا بە جەژنی دەوڵەت. پێش ئەوان لە(٧٠٠)پێش زایین (دیاکۆ) پاشای ماد لە ڕۆژی نەورۆزدا دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەی ڕاگەیاند و نەورۆزی بەفەرمی کرد بەجەژنی ئیمپراتۆریەتەکەی.

# شوێن و سەردەمی سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز

شارەزایانی مێژووی کۆن و پسۆرانی شوێنەوارناس و سۆمەریناس ئەوەیان ساغکردووتەوە کە سۆمەرییەکان کونترین دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و کوردستانن و جەژنی نەورۆزیش بەردەوامی جەژنی زەگمەکی سۆمەرییەکانە. ئەو سۆمەرییانەی پێش ئەوەی بەشێکیان لێ بچێتە خوارووی عیراق لە نێوان هەزارەی پێنجەم وچوارەمی پێش زایین، بەپێی باوەڕی (ئایینی و ئەفسانەیی و سروشتی وکشتوکاڵ)یەوە داستانێکیان هەبوو بە ناوی (ئینەننا و دەمموزی) کە دواتر لەسەردەمی ئاشوری و بابیلییەکان بەداستانی (تەمموز و عەشتار) ناسرا، لەم داستانە دا خواوەندی دەمموز لەسەرەتای پایز و بۆماوەی شەش مانگ دەچووە بن دنیایی واتە (دەمرد)ولە سەرەتای بەهار و ڕۆژی نەورۆز (زیندوو) دەبووەوە، کە دەکاتە زیندووبوونەوەی سروشت و سۆمەرییەکان ئەم سەرەتای بەهار و زیندووبوونەوەی دەممووزییان دەکرد بە جەژن.
شارەزایان لەزۆر ڕووەوە لێکۆڵینەویان لە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان کورد و سۆمەرییەکان کردووە، بۆ نمونە : (هینری فرانکفۆرت) زانای شوێنەوارناسی ئەلمانی لە نەورۆزی ساڵی (١٩٣٠) زایینی کە لەکوردستان دەبێت وکرێکارە کوردەکانی بەردەستی خۆی دەبینێ لەشەوی نەورۆز داچ نواندنێك دەکەن، هەر ئەو ساڵە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ دەنووسێ بە ناوی (سروتەکانی دەمموزی لە کوردستان) لەم لێکۆڵێنەوەیەدا دەنووسێ:

(ئەوەی ئێستا کوردەکان لە نەورۆزدا دەیکەن، هەمان شتە کە سۆمەرییەکان لە جەژنی زەگمەك دا دەیانکرد) بەڵێ، سۆمەرییەکان ئەو میللەتەن کە لە کوردستان (لانکەی مرۆڤایەتی) سەریانهەڵداوە وئێستاش بەردەوام ساڵانە لەهەموو کوردستان پاشماوە وشوێنەواری ئەو سۆمەرییانە دەدۆزرێتەوە، هەتا پاشماوەی دوای چوونە خوارەوەشیان، کەواتە جەژنی نەورۆز کۆنترین جەژنی (سۆمەرییەکان —کوردەکان)ەو لەکوردستانیش سەریهەڵداوە و هەر لە کوردستانیش بەدنیادا بڵاو بووەتەوە، ئەوە هەرتەنیا میللەتی کوردیشە داگیر کەران ساڵانە نەورۆزی لێ قەدەغە دەکەن و هەرتەنیا کوردیشە لەپێناو بەئازادی ئاهەنگێڕان و خۆشی دەربڕینی نەورۆز خوێنی ڕژاوە و شەهیدی داوە و هەر کوردیشە مانگی یەکەمی ساڵی نویی خۆی بەناوی ڕۆژی نەورۆز کردووە نەورۆز بۆ کورد بۆتە سومبولی بەرخودان و تێکۆشان لەپێناو رزگاری و ئازادی خاك و خەڵکەکەی لەدەست داگیرکەران.

ئێستاش ئەم جەژنە کۆن ونەتەوەیییەی کورد، نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی و بەناوی (نەورۆز . کلتوری ئاشتی) کردوویەتی بە جەژنێکی جیهانی.

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

مامۆستا لە کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین

# پێرست



| لاپەڕە | بابەت | ز |
|---|---|---|
| ٣ | **پێشەکی** | .١ |
| ٤ | **بەشی ڕێزمان** | .٢ |
| ٥ | کەرستەکانی نووسین | .٣ |
| ٧ | دەنگەکانی زمان و پیتەکانی وشە | .٤ |
| ١٤ | شێوەکانی وشە | .٥ |
| ٢٠ | بڕگەکانی پەیڤ (وشە) | .٦ |
| ٢٣ | جیاوازی نێوان ڕستەو گرێ | .٧ |
| ٢٧ | جۆرەکانی ڕستە/ ڕستەی ڕاگەیاندن | .٨ |
| ٣١ | ڕستەی ڕاگەیاندن / ئـ- ڕستەی ئەرێ / ب- ڕستەی نەرێ | .٩ |
| ٣٧ | ڕستەی پرس | .١٠ |
| ٤٤ | ڕستەی سەرسوڕمان | .١١ |
| ٤٩ | بنچینەکانی ڕستە | .١٢ |
| ٥٦ | کار ئـ- کاری تەواو/ ب- کاری ناتەواو | .١٣ |
| ٦٢ | دیارخەری ناو- تەواوکەری کار | .١٤ |
| ٦٩ | ناو | .١٥ |
| ٧٤ | جۆرەکانی ناو (لەڕووی ناوەڕۆکەوە) | .١٦ |
| ٨٠ | جۆرەکانی ناو (لەڕووی هەبوونەوە) | .١٧ |
| ٨٦ | ئەرکی ناو لە ڕستەدا | .١٨ |
| ٩١ | جێناو ئـ-جێناوی کەسیی سەربەخۆ | .١٩ |
| ٩٦ | ب-جێناوی کەسیی سەربەخۆ | .٢٠ |
| ١٠١ | پ- جێناوی کەسیی سەربەخۆ | .٢١ |
| ١٠٤ | چاوگ | .٢٢ |
| ١٠٧ | کار لە ڕووی دەمو کاتەوە / ئـ- کاری ڕابردوو | .٢٣ |
| ١١٤ | ب- کاری ڕانەبردوو | .٢٤ |

